www.kurdistannet.org
27-4-2006 14:34 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## گەشتێکی کورت، بۆلای ئازیزان!! ... حەسەن سەید باقی

کاتێك مرۆڤ لەسەر ئەو زەمینەی کە لێی دەژی بە باڵەفڕ (فڕۆکە) دەفڕێت بەرەو ئاسمان. سەرەتای بەرز بوونەوەو دابڕانیان لەزەمین، دڵە ڕاوکێیەك لای زۆربەیان دروست دەبێت. کەسانێك بە ئەندێشەیەکی قوڵەوە دەڕوانێتە سەفەرەکەی. ئەمەش وەك کورتە فلیمێك لەژیان گوزەردەکات لە بەرچاوی. بەڵێ سیمای جوانی دەبینێت، تیشکی هەتاو تێکەڵە لەگەڵ پرشنگی ئازادی و خۆشەویستی مرۆڤدا، لەو ساتەوەختانەدا مرۆڤ واهەست دەکات کە دەستە لەملانی ئازادییە. خۆشەویستەکەی لەهەناودایە کە دەچێتە دیداری. بەڵێ کاتێك لە ئاسمانیت بڕوانە بۆ خوارەوە، دیداری پەڵە هەورە سپیەکان دەبیت، کە بێگەردی سروشت و خۆشەویستی ڕاستەقینە دەردەخات. هەندێك شوێن پەڵە پەڵەیەو لە شوێنەکانی دی وەك فەرشێکی سپی نەخشاو بەبەفر سەرپۆش کراو دەبینیت. بەڵێ، لە ڕۆژێکی وا جواندا فریم بۆلای تریفە، هەروەك تریفەی مانگە شەو، تێکەڵ لەگەڵ سۆزی شمشاڵی شوان و تاقگەی ئەحمەدئاوا، ئەوتاقگەیەی تێکەڵە بەجوانی کوردستان، تاقگەی گەروی عەلی بەگ. تاقگەکانی تری کوردستان کە سیمای جوانی و بەهەشتی دڵدارانە. بەڵێ، کاتێك مرۆڤ شەقار شەقار لە شوێن ژوان نزیك دەبێتەوە لێدانی دڵ زیاتر و ترپەکان پترتر دەبێت. بەڵێ، ئا لەو ساتەوەختەدا، دەنگێك لەناخمدا بەرز بوویەوە، چرپانی بە گوێمدا، کە مرۆڤێکی بە سەلیقە، شۆخ و شەنگێك، خۆی و بزەی لێوەکانی و نیگا جوانە کوژەرەکانی چاوەڕوانتە!. بەڵێ شەرابی سوورم خواردەوە، سوور وەك سووری کوڵمەکانی، ئاڵ وەك ئاڵی گۆناکانی. دەچم بۆلای ئازیزێك کەخەونەکان بەدی بێنێ. ئێستا ئاسمان سامالەو خوارەوە سپیایی دەنەخشێنێ، کە سیمبولی بێگەردیە بۆ ئازادی و خۆشەویستی. بەڵێ بفڕە باڵەکان بکەرەوە بەرەو ئاسۆ، تا بەمەبەست دەگەی، دژ بەنەیارانت هیچ سڵ نەکەی!. لەتەنیشتم ئەڵمانێك دانیشتبوو خەریکی خوێندنەوە بوو. بەڵام هیچ زانیاری لەسەر کوردو مێژووی، لەڕۆمانەکانی نەبوو، گەرچی پاراو شیرینە، هی گەلێکی زۆرلێکراو ستەمدیدەیە. بەڵام پێم ووت، مرۆڤەکان دەبێت ئازاد بن، خۆشەویستی و ڕێز لەیەکدی بگرن، گوێڕایەڵی ووتەکانم بوو تا بزانێت چیتر دەڵێم. هەر هێندەم ووت ئێمە کوردین، خوازیاری ژیان و ئازادین، گەلان هەمووی برامانن، ئەگەر نەکەن مافمان بخۆن. خۆشحاڵ بوو کە من وام ووت.. ئەوجا من گەڕامەوە بۆ بیری خۆم تا بزانم ناخم چیتر دەڵێت، بۆ دەمهەژێنێ؟ بەڵێ، ژیان بێ خۆشەویستی مانای نییە!. هەموو جەستەکان لەیەك دەچن!. بەڵام، ناخەکان جیاوازن، هەندێك خۆشەویستی لەدەروونداییە، هەندێکی تر ڕق وکینە، .... تاد. ئەو نازدارە ئێستا چاوەڕوانە منیش لێرە ئۆقرە بڕاو چاوەڕوانی نیشتنەوەو هەڵکردنی چراکانم. چرایەك کە ناکوژێتەوە، ڕێگەی داهاتوو ڕۆشن دەکاتەوە. ئەوشۆخەش گەلی شتی بە پەنهانی حەشارداوە، کەی بێت ئاشکرای کات؟ تۆ بڵێی ئەویش ئاوەها ژیان و هاوڕێیەتی لا خۆشەویست بێت؟ یان پێویستی بە یارمەتی و کارە!، بۆ مەرامی تایبەتی خۆو بەسەر بردنی کاتە؟! نا بڕوا ناکەم مرۆڤ یانی خۆشەویستی، یانی یەکترناسین و لە ئامێزنان بۆ هەتا هەتایی!. بەڵێ لای من وایە بێ خۆشەویستی ژیان بەردەوام نابێت، هەندێك هەیە نایەنەوێت ئەم سرە ئاشکرا بێت!.

سوید ئەپریل 2006